## شاخەوان عارف راهێنەری لاوانی یانەی بروسک

# پێشتر

**شاخەوان عارف یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر، لە دایکبووی شاری هەولێرو تەمەنی ٣١ ساڵە، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشـــییە، ئێستا مامۆستای وەرزشە و ماوەی چەند مانگێکە هاتۆتە ریزی یانەی بروسک، مەشق بە تیپی لاوانی یانەکە دەکات، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**



***ئاستی ئەمســاڵی خولی کوردستان لە چ ئاستێك بوو؟**

-بەشێوەیەکی گشتی تیپەکان ئاستیان لێك نزیك بوو، خولێکی بەهێز بوو لە گشت روویەك.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەو پێشچوونی ئەم خولە؟**

- خولەکــە بکرێتە دوو قۆناغ زۆر باشــترە بۆئەوەی یاریزانان سوودی لێ ببین.

***چۆن بوو بویتە راهێنەری یانەی بروسك؟**

-دوای ئــەوەی بە بڕیاری خۆم دەســت لە کارکێشـــانەوەی یانــەی ئاســۆم راگەیاند، ســەرکەوتنی ئامانجەکانم لە یانەی بروسك رەنگــی دەدایەوە، بۆیە پێم بــاش بوو بچمە یانــەی بروســك، چونکە خاوەن دەســتەی کارگێڕیەکی وەرزشییە.

*** تۆ کوڕی یانەی ئاســۆی بوویت، چۆن بوو ئەو یانەیەت جێهێشت؟**

-حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەك باسی یانەی ئاســۆ بکەم، هۆکارێــك هەبوو پێوەندی بەخۆمەوە هەبوو، ئەوان برای منن، حەز ناکەم ئەو لاپەڕەیە هەڵدەمەوە.

***تەمەنــت بچــووك بوو، چــۆن بوو بڕیاری وازهێنانت لە یاری کردن دا؟**

- ئێستاش زۆرجار باس دەکەم، بەخت دژم بووە لە ژیانی وەرزشــیم، دیارە قسەمەتەکەم هەر ئەوە بووە، دوا ساڵ لەگەڵ یانەی ئاســۆ تووشی پێکان هاتم، ئــەوەش چەند جارێك دووچارم بۆوە، دواتریش یانەکــەم دابەزی بۆ پلە یەك و خۆشــم نیــازم هەبوو لە مانچستێر بخوێنم، بۆیە بڕیاری واز هێنانم دا.

***کێشە و گرفتتان لە یانەکەتان چییە؟**

-هیــچ کێشــەیەکمان نییە تەنیــا نەبوونی یاریگایەکی فریزی دەســتکردە، کە زۆرجار لە سەرمای زســتان یاریگای فریزمان نییە مەشــقی لێ ئەنجــام بدەیــن، بودجەیەکمان هەیە بۆ تیپەکە سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەکەمان دەکەیــن، زۆر هاوکاریمان دەکات. پێویستە بەرپرســەکانیش بەیەك چاو سەیری هەموو یانەکان بکەن.

***چــۆن یاریزان دەستنیشــان دەکەن، بۆتیپی لاوان؟**

- هەمیشە پشت بە یاریزانی بە جولە دەبەستم، لــە تیپە میللییــەکان و یاریــگاکان یاریزان دەستنیشان دەکەین.

***بیستوومانە چەند یانەیەك داوای مۆرکردنی گرێبەستیان لێکردوی؟**

-بەڵێ چەندیانەیەکی پلــە ناایاب و پلە یەك داوایان لــێ کردوم، بەڵام مــن هەر حەز لە یانەی بروســك دەکەم، تەمەنێکی دووروودرێژم لەگەڵ یانەی ئاسۆ بەرێ کرد، حەزیش دەکەم دوو ئەوەنــدی ئەو تەمەنــەم خزمەتی یانەی بروســك بکەم، ئەگەر ئەوان پێویستیان بەمن بێت، چونکە من کوڕی ئەو یانەیەم.

***هیوات چییە لەگەڵ یانەی بروسك؟**

-هیوا سنووری نییە بەهیوام بتوانم ئەنجامی باش لەگەڵ یانەی بروســك بەدەســت بهێنم، کۆمەڵێك خەونم هەیە لەگەڵ ئەو یانەیە.

***دەڵێن لە پرۆژەی گۆڵیش راهێنەری؟**

-بەڵێ لەو پرۆژەیەش وەکو راهێنەر کاردەکەم، کۆمەڵێك یاریزانم هەیە.



# قەیس بلباس راهێنەری تیپی چوارچرای کوردستان لە نەرویج

## پێشتر

***هۆکاری سەرکەونەکەوتن لە خولی نەرویجی بۆپلە پێنج بۆچی دەگەرێتەوە ؟**

- بەراستی ئێمە لە گروپێکی زۆر بەهێز دابوین،لەبەر ئەوەی یاسای تۆپی پێ نەوریجی گۆڕا بوو،لە پلە سێ ١٨تیپیان گەراندەوە بۆپلە چوار لە پلە چواریش ١٨تیپ بۆپێنج و تاکو پلە هەشت بەم شێوەیە بوو،ئێمە لە پلە شەش کە بەشدارین توانیمان لە چوارگۆشەی زێرین بمێنینەوە لە کۆمەلی ئێمەش یەك تیپ بەسەردەکەوت بۆیە تاەنیا توانیمان بمێنینەوە نەمان تاوین سەرکەوین بۆپلە پێنجی نەوریجی .

***ئەمساڵ بەنیازن بەشداری پاڵەوانەتی نۆروای کوپ بکەن ؟**

-نە خێر بەشداری ناکەین،چونکە وەزارەتی وەرزش ولاوان نەما کەس پشتگیریمان ناکات،بۆیە نەمان توانی بەردەوام بین لەم پاڵەوانەتیە چۆن پەیوەندی بکەین،چۆن خۆمان ئامادە بکەین بۆئەم پاڵەوانەتیە .

***ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێ کوردستان نەکردوە؟**

-نەخێر،بەڵام ئەگەر یەکێتی تۆپی پێ کوردستان پێیان خۆش بێت،ئێمەش زۆرمان پێ خۆشە پەیوەندی بکەین بۆهاوکاری کردنی یەکتری،بۆئەوەی خۆمان بەهێزتر بکەین پشتگیری ئەوان بۆئێمە مادی و مەعنەوی گەورەیە لە رێگای رووداوەوە هیوای ئەوەمان هیەیە یەکتری بناسین و بۆهاوکاری کردنی یەکتری .

***داواتان لە حکومەتی هەرێم نەکردوە بۆئەوەی هاوکاریتان بکات ؟**

-نەخێر چونکە ئەوەش بۆئەوە دەگەرێتەوە کەوا ئێمە پەیوەندیمان لەگەل وەرزارەتی وەرزش ولاوان بەهێز بوو بە تایبەتی کاك تەهابەرواری زۆر خزمەتی ئێمەی دەکرد،بەڵام دوای نەمانی کاك تەها ئێمە نازنانین کێ بەرپرسە لە وەرزش کە ئێمەش دابراین لە وەرزشی کوردستان .

***دەنگۆیەك هەیە کە دەلێ، یانەکەی ئێوە نەماوە ؟**

-نە خێر ئەم قسانە تەنیا پروپاگەندەیە،لە ولاتی نەرویج بەفەرمی دووتیپی کوردی هەیە ئەویش چوارچرا و کوردستان فتبۆل کلوپە هەردوویانە لەپلە شەشین.

***کێ یارمەتی یانەی چوارچرادەدات ؟**

-کەس یارمەتی ئێمە نادات کێشەی ئێمە ئەوەیە کەوا لەسەر پێ خۆمان دەروین بەرێوە ئێمە بەۆخمان خزمەتی خۆمان دەکەین،ئێمە لە دەرگای هەموو کەسێك دەکەین بۆئەوەی یارمەتیمان بدات .

***داواکاریتان چیە لەبەرپرسانی کوردستان؟**

-ئێمە شانازی بە حکومەتی کوردستان دەکەین بۆیە داواکارین پشتگیرمان بکات .

***پەیوەندیتان لەگەڵ یانەی هەولێر نەکردوە بۆئەوەی یاریزانی بەتوانای پێ بدەن؟**

-من پەیوەندیم زۆر بەهێزە لەگەل کارگێرانی یانەکە ویەکە یەکی یاریزانانی یانەکە بەڵام تاکو ئێستا نەگەیشتوینەتە ئەوەی رێکەوتێنێکی فەرمی بکەین لە نێوان هەردوو لامان،وتیشی ئەمساڵ یاریزانێکم بە ناوی ئازاد کوردی رۆژ هەڵات لە یانەیەکی پلە دووی نەوریج وەرگیرا کە گۆلکاری خولی یانەکانی نەوریج بوو،ئەوە شتێکی چاکە کەوا یاریزانێ:ی وا بەتونا خزمەتێکی یانەیەکی کوردی بکات ئەگەر ئەو پەیوەندیە لە رێگای روداو دروست بێت زۆر باشترە .

***برنامەتان چیە وەکو یانەی چوارچرا؟**

- ئێمە هەولمان ئەوەیە بتوانین ئەو پەیوەندیەمان لەگەڵ بەرپرسانی وەرزشی کوردستان دروست بێتەوە لەرێگای روداوەوە بۆهاوکاری کردنمان .هیوای من ئەویە بتوانم یاریزانی نوێ دروست بکەم .

***بۆچی خۆتان بە لێژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان نەناساندوە بۆهاوکاریی کردنتان؟**

-کاتی خۆم بە مەلا بەختیارم وت لە نەرویج ناوبراو زۆر بەرێزەوە وتی ئەگەر هاوکاریتان ویست من لە خزمەت دام،بەڵام بەهۆی ئەوەی سەرقاڵ بو خەلکێکی زۆر لە دەوری بوو نەمان توانی درێژە بە قسە کانمان بدەین،بۆیە ئێستا ئەگەر لەرێگای روداوە بێت باشترە بۆدروست بوونەوەی ئەم پەیوەندیە بۆئەوەی ئێمە لەگەڵ لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان پەیوەندی دروست بکەین.

***ئێستاش لە نەوریج بە ئاڵای کوردستان بەشداری خولەکان دەکەن؟**

-بەلێ ئێمە پێش هەموو یارییەك سوێند بەخوا سوێند بە گۆری شەهیدان و سوێند بە کوردو کوردستان یارییەکانمان ئەنجام دەدەین.ئەوە سوێندی یاسایمانە

***لە کۆتای ئەگەر شتێکت ماوە ؟**

- ئێمە لە نەوریج تەنیا دوبرای بەرێزم کاك سورێن وسیزارکارگێرانی یانەکەمان زۆر هاوکاری یانەکە دەکەن خۆبە خشیی کاردەکەن .سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم،کەوا هاوکاری وەرزشوانان دەکات.





**قیس بلباس لەدایك بوی سالّی ١٩٧٣ی شاری هەولێر ئێستا دانیشوی ولاتی نەرویجە وخاوەن دووبروانامەی راهێنەریە وماوەیەکیشە راهێنەری تیپی چوارچواری کوردستانە لە ولاتی نەوریج کە بەشداری خولی نەوریجیە لە بارەی هۆکاری داویان گۆرنکاریەکان و سەرنەکەتونیان بۆریزەکانی تر ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

### کارلین کاردیلۆ یاریزانی تێنسی سەرمێزی هەڵبژاردەی پۆرتەریکۆ

# کوردستان وڵاتێکی زۆر خۆش و جوان و پێشکەوتووە

***چۆن بوو بە تەنیا هاتیە کوردستان؟**

- خۆم ئارەزوویەکی زۆرم هەیە بۆ یاری تێنس، بۆیە خۆشەویستی ئەو یارییە وایلێکردم بێم بۆ بەشداریکردنی ئەو پاڵەوانیەتیە.

***ئاستی پاڵەوانیەتیەکە چۆن بوو؟**

-ئاستی پاڵەوانەتیەکە زۆر بەرز بوو، بە تایبەتی تیپەکانی میسر و سوێد زۆر ئاستیان بەرز بوو. ڕێکخستنێکی باشی بۆکرابوو.

***بۆتۆ کارێکی ئەستەم نەبوو لەم وڵاتە دوورە بێیتە کوردستان بۆپاڵەوانیەتیەکی وا؟**

-نەخێر من پێش ئەوەی بێمە کوردستان لە وڵاتی سوێد لە خۆئامادەکردن بووم بۆئەو پاڵەوانەتیە، بۆیە لەوێشەوە ڕاستەوخۆ هاتمە کوردستان.

***ئاستی وەرزشی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەڕاستی ئاستی وەرزشی کوردستان زۆر بەرزە، ئەوەی من بینیم لەو ماوەیە ئەو ناوچەیە زۆر پێشکەوتووە لەگشت ڕوویەک.

***لە ماوەی مانەوەت بۆچوونت چییە لەسەر کوردستان؟**

-بەڕاستی وڵاتێکی زۆر جوان و خۆشە، لێرە هەموو شتێك لە پێشکەوتنە، بە هیوای ئەوەم جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەو هەرێمە جوانە.

*** ئەگەر یانەیەکی کوردستان داوات لێ بکات ئامادەی بێیتە کوردستان یاری بۆبکەی؟**

-لەو باوەڕەدا نیمە بتوانم بێمە کوردستان، چونکە ناتوانم لە دایك و باوکم جیا ببمەوە.

***بەهیوای ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

-بە دڵنیایەوە دەگەڕێمەوە.

***بۆچوونت لەسەر خەڵکی کوردستان چیە؟**

-بەڕاستی خەڵکی زۆر باش لێرە هەیە بە تایبەتی خەڵکی شاری هەولێر کە زۆر غەریب دۆستن.

***هیچ کێشەو گرفتت تووش نەبوو لەم ماوەیە؟**

-نەخێر هەموو کار ئاسانییەکیان بۆمان ئامادە کردبوو، لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

***دوا وتەت ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-تەنیا خۆشەویستیم بۆئێوەی خۆشەویست کە زۆر ڕێزیان لە ئێمە گرت.





کارلین کچێکی تەمەن ١٧ ساڵانەو لە وڵاتی پۆرتەریکۆ لە یەکێك لە وڵاتە دراوسێیەکانی ئەمریکایە، بەتەنیا هاتۆتە کوردستان بۆبەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی تێنسی سەرمێزی جیهانی، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

# تێنسی جیهانی لە پایتەختی ئاوەدانی بەسەرکەوتوویی بەکۆتا هات

کیم جیم ئام راهێنەری هەڵبژاردەی ئوردەن لەبارەی بەرێوەچوونی پاڵەوانیەتیەکە لە شاری هەولێر وتی «ئاستی پاڵەوانیەتیەکە زۆر باش بوو، لە گشت روویەکەوە، لە رووی رێکخستنی پاڵەوانیەتیەکە لە هەرێمی کوردستان شوێنەکان زۆر رێك و پێك بوو و تیپە بەشداربووەکان ئاستیان زۆر بەرز بوون، وتیشی بەڕاستی هەرێمی کوردستان لەگشت روویەك پێشکەوتووە و بەهیوای ئەوەشم بتوانم جارێکی تر بگەڕێمەوە کوردستان و لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ تیپەکانی ئەو هەرێمە دروست بکەم. ئاماژەشی بەوە کرد کە هۆڵەکە زۆر پێشکەوتوو بوو و پاڵەوانیەتیەکەش نموونەیی و لە ئاستی پێویست بوو.

محەمەد بەسیونی سەرۆکی ناوبژیوانانی جیهانی ئەویش لە بارەی خولەکە وتی «ئەو پاڵەوانیەتیە یەکەم جارە لە وڵاتی عێراق ئەنجام بدرێت، منیش بەشبەحاڵی خۆم زۆر گەشبینم بە ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانەتیە لە شاری هەولێر، پێش ئەوەی ئەو پاڵەوانیەتیەش بێتە کوردستان، من سەردانی کوردستانم کردبوو شاری هەولێر لە گشت روویەك پێشکەوتووە و هیچ جۆرە خراپەکارێکی تێدانییە و ئاسایش و ئارامی ئەو ناوچەیە زۆر بەرقەرارە، منیش زۆر پشتیگری هەرێمی کوردستانم کرد تاکو توانیمان بە هەموو لایەك ئەو پاڵەوانیەتیە جیهانییە بۆیەکمجار بهێنینە هە رێمی کوردستان. ئاستی پاڵەوانیەتیەکەش زۆر بەرز بوو و هیچ کێشەو گرفتێك رووی نەدا هەڵبژاردەکانیش توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن. بەهیوای ئەوەم بتوانین پاڵەوانیەتی و خولی زیاتر لە کوردستان ئەنجام بدەین، چونکە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ شارەکانی تری عێراق، وتیشی هەڵبژاردەکانیش زۆر ئاسوودەبوون لە شاری هەولێر لە ماوەی مانەوەیان، لە رووی رێکخستنەوەش ئامادەکاری باشی بۆکرابوو کە بووە جێگەی دڵخۆشی هەموو تیپەکان و میوانان. بۆیە دەتوانین لە داهاتوو پشتگیری لەو شارە بکەین بۆئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تر.

هەردە رەئوف بارام لێپرسراوی دارایی یەکێتی تێنسی سەرمێزی عێراقی وتی «ئاستی پاڵەوانیەتیەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوو، بە تایبەتی تیپە بەشداربووەکان توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن بە تایبەتی تیپەکانی میسر و ئێران و سوێد لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان، وتیشی هەڵبژاردەی عێراق توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات. بەهیوای ئەوەین لە ساڵانی داهاتوو ئامادەکاری باشتر بۆ سازدانی ئەو پاڵەوانیەتیە بکەین. وتیشی جێگەی دڵخۆشی بوو کەوا بە ستافێکی بەتواناو تەواوی کارەکانیان بە رێکوپێکی ئەنجامدا هەر لە رێکخستنی پاڵەوانیەتیەکە و دابینکردنی هۆڵێکی نموونەیی و دابینکردنی هوتێلی شایستە بۆ میوانان، وتیشی شاری هەولێر و یەکێتی تۆپی سەرمێزی کوردستان و لقی هەولێر و حکومەتی هەرێم پشتیگری زۆریان کردین و سوپاسیان دەکەم. ئەنجامدانی ئەو پاڵەوانیەتیەش لە شاری هەولێر من بەسەرکەوتنی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەزانم. بەو هیوایەین لە پاڵەوانیەتیەکانی داهاتوو هەڵبژاردەی زیاتر و ئامادەسازی باشتری بۆبکەین. شاری هەولێریش بووە مایەی سەرنجی تیپەکانی میوان.

فەرشیدی کەوکەبی راهێنەری هەڵبژاردەی ئێران لە بارەی پاڵەوانیەتیەکە وتی «بەڕاستی ئاستی پاڵەوانیەتیەکە زۆر بەرز بوو، شاری هەولێریش پێشوازییەکی بەرچاوی لە هەڵبژاردە بەشداربووەکان کرد کە بووە مایەی سەرنجی ئێمە، لێرە ئاستی وەرزشیش زۆر پێشکەوتووە، هۆڵەکان زۆر رێکوپێك بوون و پاڵەوانیەتیەکەش لە ئاستی پێویست بوو و تیپەکان رکابەری باشیان لەگەڵ یەکتری کردو هیچ کێشەو گرفتێك نەبوو، سوپاسی هەموو لایەك دەکەم کەوا ئامادەکاری باشیان بۆ ئەو پاڵەوانەتیە کردبوو، بەهیوای ئەوەم جارێکی تر بگەڕێینەوە هەرێمی کوردستان بۆ خولێکی تر.

ئومێد فاروق سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتیەکە وتی «ئاستی پاڵەوانیەتیەکە زۆر بەرز بوو، یەکەم جارە پاڵەوانیەتیەکی لەمجۆرە لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت، وتیشی لە هەموو وڵاتەکانی جیهان هەر وایە یەکەم پاڵەوانیەتی تیپەکان کەم بەشدار دەبن، بەڵام بۆخولەکانی تر لەو بڕوایەم ژمارەی تیپە بەشداربووەکان زیاتر بێت، بڕیاریشە ئەو پاڵەوانیەتیە هەموو ساڵێك لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت، برادەرانی یەکێتی



فوتۆ ئیسماعیل رەوف











**لەهۆڵی سەنتەری بلو بۆ یەکەم جار پاڵەوانیەتی تۆپی سەرمێزی جیهانی بۆ کوڕان و کچان لەسەر هەردوو ئاستی بێچووەشێران و تازەپێگەیشتووان لەهەولێری پایتەخت دەستی پێکردو بۆماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام بوو.ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی یەکێتی نێودەوڵەتی تۆپی سەرمێز و بەهەماهەنگی هەردوو یەکێتی ناوەندی تۆپی سەرمێزی عێراق و کوردستان و بەهاوکاری لقی هەولێری یەکێتی تۆپی سەرمێز بەڕێوەچوو و هەڵبژاردەکانی (عێراق AوBوC، سوید، پۆرتریکۆ، میسر، ئێران AوB، سوریا، ئوردەن، لوبنان) هاوبەشییان تێدا کردووە. لەمباریەوەش ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

تێنسی سەرمێزی جیهانی زۆر لە ئاستی پاڵەوانیەتیەکە رازی بوون و هیچ کێشەیەك لە پاڵەوانیەتیەکە نەبوو، وتیشی لە ساڵی ٢٠١٠من و برادەران هەوڵی زۆرماندا لە وڵاتی رووسیا تاکو ئەو پاڵەوانیەتیە بهێنینە شاری هەولێر و بۆیە بەرنامەی زۆرمان هەیە تاکو پاڵەوانیەتی زۆرتر بهێنینە پایتەختی کوردستان.

مامۆستا رائول سەرۆکی پێشبرکێیەکانی جیهانی بۆ ئاستی نێوجەوانان لە بارەی ئاستی پاڵەوانیەتیەکە وتی «پاڵەوانیەتیەکە زۆر بەباشی بەڕێوەچوو، ئامادەکاری باشی بۆکرابوو، ئێمە وەکو یەکێتی تێنسی سەرمێزی جیهانی زۆر خۆشحاڵین کەوا دوای ٢١ساڵ توانیمان ئەو پاڵەوانیەتیە بهێنینە شاری هەولێر، ئێمە پێش ئەنجامدانی خولەکەش ئەو پێشبینیەمان نەدەکرد کەوا ئەو پاڵەوانیەتیە سەرکەوتنێکی وا گەورە بەدەست بهێنێ، وتیشی ئێمە ئامادەین ئەو پاڵەوانیەتیە دووبارە بکەینەوە لە هەرێمی کوردستان یان هەر شارێکی تر بێت، وتیشی من لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو پشتگیری خۆم بۆیەکێتی تێنسی عێراقی دووبارە دەکەمەوە بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی گەورەتر، هیچ کێشەیەکمان نەبوو لە ماوەی رابردوو.

ئەحمەد غەفور ناوبژیوانی نێودەوڵەتی تێنسی جیهانی وتی «بەڕاستی ئەو پاڵەوانیەتیە سوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمەی کورد لە دەرەوەی وڵات، کەوا پاڵەوانیەتیەکی وا لە شاری هەولێر ئەنجام بدرێت، ئاستی پاڵەوانیەتیەکەش زۆر باش بوو مایەی سەرنجی تیپەکانی تریش بوو، سوودێکی زۆریشی هەبوو بۆ یاریزانەکانی عێراقی کەوا ئەزموونێکی زۆریان لێوەرگرت. وتیشی ئامادەبووان دڵخۆش بوون بە هەرێمی کوردستان، بەهیوای ئەوەم حکومەتی هەرێم هەر وا بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی بواری وەرزشی و بەوهیوایەم لە داهاتوو قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانیش دروست بکرێت بۆئەم یارییە.

سەردار قەساب سکرتێری یەکێتی تێنسی لقی هەولێر وتی «ئاستی خولەکە زۆر بەرز بوو یەکەم جارە پاڵەوانیەتیەکی وا مەزن لەسەر ئاستی جیهانی لە کوردستان ئەنجام بدرێت، تیپەکانیش زۆردڵخۆش بوون بەو ئامادەکارییە و هیوایان وابوو جارێکی تر سەردانی شاری هەولێر بکەنەوە، ئێمەش بەردەوام دەبین لە خزمەتکردنی ئەو یارییە.




ڕاپۆرتی :کارزان کانەبی

## هەڵبژاردەی کەلەشێرەکان نازناوی مۆندیالی تۆپی دەستیان بەدەست هێنا

لە وڵاتی سوێد هەڵبژاردەی تۆپی دەستی فەرەنسا توانی بەبردنەوەی لە هەڵبژاردەی دانیمارك ببێتە پاڵەوانی مۆندیالی تۆپی دەستی جیهانی.
لە وڵاتی سوێد هەڵبژاردەی تۆپی دەستی فەرەنسی کە بە کەڵەشێرەکان ناسراون، توانیان بۆجاری چوارەم بتوانن ببنە پاڵەوانی تۆپی دەستی جیهانی لە ئاستی کوڕان، مۆندیالی ئەمجارەش لە وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو، دوای ئەنجامدانی ژمارەیەك لە یاری هەردوو هەڵبژاردەی فەرەنسا و دانیمارك گەیشتنە یاری کۆتایی، لە یارییەکی ئاست بەرزیشدا هەڵبژاردەی فەرەنسا بۆ دووەم جار لەسەر یەك توانی نازناوەکە بۆخۆی مسۆگەر بکات، دوای بردنەوەی بە ئەنجامی (٣٧-٣٥) گۆڵ، بەم ئەنجامەش فەرەنسا و دانیمارك و ئیسپانیا مدالیای زێڕ و زیو و بڕۆنزیان بەدەست هێنا. باشترین یاریزانی خولەکەش (نیکۆلا کارباتیك)بوو لە هەڵبژاردەی فەرەنسا و گۆڵکاری خولەکەش بەر یاریزان (هانسین)کەوت لە هەڵبژاردەی دانیمارك بە تۆمارکردنی ٦٨گۆڵ لە تەواوی یارییەکان. زۆرترین گۆڵیش لەم مۆندیالە تۆمارکرا کە ژمارەی گۆڵەکان دەگاتە ٥٨٩٠گۆڵ. بڕیاریشە لە ساڵی ٢٠١٣ مۆندیالی داهاتوو لە وڵاتی ئیسپانیا ئەنجام بدرێت.



## ڤان دێرسار پۆستی ڕاهێنەرایەتی قبوڵ نییە



ڤان دێرساری گۆڵچی یانەی مانچستەر یونایتد ئەوەی ئاشکرا کرد، کە لەدوای کۆتایی هاتنی ئەم وەرزە واز لە یاری کردن دەهێنێت و پۆستی ڕاهێنەرایەتی گۆڵچییەکانی یانەکەشی ڕەتکردەوە.
ڤان دێرساری گۆڵچی یانەی شەیتانە سورەکانی ئینگلیزی و هەڵبژاردەی پێشوی هۆڵەندا ئەوەی ئاشکرا کرد، کە لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ کۆتایی بە کارەکانی دەهێنێت. لەگەڵ یانەی مانچستەر یونایتد، لەبەرامبەر وازهێنانیشی یانەی مانچستەر پڕۆژەی ئەوەی خستۆتە بەردەستی بۆئەوەی لەگەڵ یانەی شەیتانەکان بەردەوام بێت بۆ مەشقدانەوەی گۆڵچییەکانی یانەکە، بەڵام ڤان دێرسار ئەوەی ڕەتکردەوە کەوا ببێتە ڕاهێنەری گۆڵچی یانەکەی، لەلایەن خۆشیەوە ڤان دێر ئەوەی ئاشکرا کرد من لە ئێستادا سوپاسی ئەلێکسی ڕاهێنەر دەکەم، کە منی دەستنیشان کردووە بۆئەو پۆستە، بەڵام من لە ئێستادا دەمەوێ پشوو بەخۆم بدەم، چونکە ماوەیەکی زۆرە بەردەوامم لە وەرزش کردن و ماندوو هیلاك بوویمە، دەمەوێ زیاتر کات بدەمە خێزانەکەم لەماوەی داهاتوو کاتێکی خۆش بەسەر بەرین، چونکە ماوەیەکی زۆرە خێزانەکەم لە خۆشییەکانی ژیان بێبەشە. شایەنی باسە ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە لەریزی یانەی شەیتانەکانە و پارێزگاری لە یانەکە دەکات، وتیشی یانەی مانچستەر یونایتد یانەیەکی گەورەیە لەسەر ئاستی جیهان.

## مادەی وزەبەخش یاریزانێک بە ١٥ساڵ سڕکردن سزا دەدات



پاسکیل سواری پورتوگالی لۆپێز بۆماوەی ١٥ساڵ سڕکرا، بەهۆی بەرکارهێنانی مادەی وزە بەخش.
یەکێتی پاسکیل سواری پورتوگالی سزای سڕکردنی یاریزانی پاسکیل سواری وڵاتەکەی لوپێزی دا بۆماوەی ١٥ساڵ لەگشت چالاکییە وەرزشییەکانی پاسکیل سواری، بەهۆی بەرکارهێنانی مادەی وزەبەخش، سەرچاوەکانی هەواڵیش لە وڵاتی پورتوگال ئەوەیان بڵاو کردوە کەوا لوپێزی پاڵەوان تەمەن ٣٥ساڵ، لە ساڵی ٢٠٠٤یش بەهەمان هۆکار سزدرابوو. سەرچاوەکەش ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا دوای پشکنینی یاریزانی ناوبراو لە لیژنەی سزاکان، دەرکەوتووە کەوا یاریزانی ناوبراو مادەی وزەبەخشی بەکارهێناوە بۆیە سزای بەسەر سەپێنرا.

# لە چلەی هاوین ئەگویرۆ دەچێتە یانەی شاهانە

ئەگویرۆی یاریزانی یانەی ئەتلەنتیکۆ مەردیدی ئیسپانی ئەوەی ئاشکرا کرد کە تاکو کۆتایی ئەم وەرزە ریزی یانەکەی جێناهێڵێت.
دوای ئەوەی دەنگۆی رۆیشتنی یاریزان و هێرشبەری بەتوانای یانەی ئەتلەنتیکۆمەدریدی ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردەی ئەرجەنتین ئەگوێرۆ بڵاو بۆوە، کەوا نیازی هەیە، بچێتە یەکێك لە یانەکانی ریال مەدرید، بەرشلۆنە، مانچستەر یونایتد. بەتایبەتی یانەی ریال مەدرید هەوڵی زۆری دا بۆئەوەی بتوانێ لە وەرزی گواستنەوەی یاریزانان ئەم یاریزانە رازی بکات. بۆئەوەی لە پاڵ رۆنالدۆ و کەریم بنزیمە یاری پێ بکات. بەڵام ئەگویرۆ هەموو ئەو قسانەی دووپات کردەوە و وتی من لە ئێستادا تەنیا بیر لە یانەی ئەتلەنتیکۆمەدرید دەکەمەوە، وتیشی دەمەوێ لە ئێستادا لەگەڵ یانەکە بەردەوابم، بتوانم نازناوێك بەدەست بهێنم و دواتر بیر لە یانەیەکی تر دەکەمەوە، وتیشی لە هاوینی داهاتوو رەنگە بچمە یانەی ریال مەدریدی هاوسێمان بۆیە لەگەڵ یا نە کە شما ن کۆ د ە بمە و ە بۆئەوەی لە کۆ تا یی ئەم وەرزە ریزی یانەکە جێبهێڵم.



# میسی ژمارەی پێوانەیی خۆی لە ئیتۆ زیاتر دەکات

میسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە ژمارەی گۆلەکانی خۆی لە یاریزانی پێشووی یانەکەی ئیتۆ زیاتر کرد.
خاوەنی تۆپی زێڕن لە ساڵی ٢٠١٠لیۆنێل میسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، ژمارەی گۆلەکانی خۆی لە یاریزانی پێشووی یانەی بەرشلۆنە سامۆیل ئیتۆ زیاتر کرد، کاتێك سامۆیلی یاریزانی کامیرۆنی خاوەنی ١٠٨گۆڵ بوو، لە مێژووی یاریکردنی لەگەڵ یانەی بەرشلۆنە و میسی بەتۆمارکردنی گۆلێك لەبەرامبەر یانەی ئایرکولێس ژمارەی گۆلەکانی خۆی بۆ١٠٩گۆڵ بەرزکردەوەو ژمارەی پێوانەیی لە تۆمارکردنی گۆڵ لە ئیتۆ زیاتر کرد. هەر چەندە پێشتر ژمارەی ئەو گۆڵانە بە ناوی سامۆیل ئیتۆ بوو کە ماوەی پێنج ساڵ لە ریزی یانەکە بوو ژمارەی گۆلەکانی ١٠٨گۆڵ بوو، بەڵام ئەو نازناوەشی لە مێژووی یانەی بەرشلۆنە بەناوی خۆی کرد، تاکو ئێستا یاریزان سیزار لە مێژووی یانەی بەرشلۆنە خاوەنی زۆرترین ژمارەی گۆڵە کە دەگاتە٢٣٥گۆڵ.
ئەمەش ریزبەندی گۆڵکارانی یانەی بەرشلۆنەیە

١-سیزار٢٣٥گۆڵ
٢-کۆبالا١٩٦
٣-لۆنێل میسی ١٦٤





# پاڵەوانەتی گۆڕەپان ومەیدانی ساڵی ٢٠١٧ لە قەتەر دەبێت

سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی قەتەری ئەوەی ئاشکرا کرد، کە وڵاتی قەتەر میوانداری پاڵەوانەتی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانی دەکات لە ساڵی ٢٠١٧.
شێخ سعودی سەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی قەتەری ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا لیژنەی ئۆڵۆمپی قەتەری شەرەفی ئەوەی پێ بەخشراوە کەوا پاڵەوانەتی گۆڕەپان و مەیدانی وڵاتانی جیهانی لە ساڵی ٢٠١٧ لە وڵاتی قەتەر بەڕێوەبچێت. وتیشی ئێمە دەمانەوێ لەو میوانداری کردنە ببینە جێگەی دڵخۆشی بۆ هەموو میوانەکان. وتیشی هەر چەندە لە پاڵەوانەتی گۆڕەپان مەیدانی هۆڵە دخراوەکان سەرکەوتوو بووین، بۆیە دڵنیاشم قەتەر لەم میوانداریيە سەرکەوتوو دەبێت. وتیشی تا ئێستا هەریەك لە وڵاتانی تورکیا و بەریتانیا و ئیتاڵیا لە هەوڵی ئەوەدان بتوانن ئەم پاڵەوانەتیە لە باوەش بگرن، بەڵام هەوڵەکانی ئێمە بێوچان دەبێت و دەتوانین ئەو پاڵەوانەتیە بهێنینە وڵاتی قەتەر.

# ژیان و سەرەتاییەکانی ڕێڕەوی نادال

**نادال کێیە**

**یاریزانی تێنسی سەر زەوی ئیسپانی رافائیل نادال لە گوندی مانکۆر لە دورگەی مایۆرکای ئیسپانی لە دایکبووە و باوکی ناوی سیباستیان و دایکیشی ناوی ئانا ماریا پیریرا و خوشکێکی لەخۆی بچووکتر بەناوی ماریا ئیزابیل و مامی یاریزانی تۆپی پێی پیشەگەری پێشووی یانەی ریال مایۆرکا و بەرشلۆنە بووە و مامەکەی دیکەشی یاریزانێکی ناوداری تێنسی سەرزەوی بووە بەناوی تۆنی نادال هەر لە سەرەتاوە دەیزانی نادال دەبێتە یاریزانێکی ناودار، چونکە هەموو نیشانەیەکی لێ بەدی دەکرا، تۆنی مامی لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا نادالی هێناوە مەشقی پێکرد و تا ئێستاش لە گەڵی بەردەوامە و نادال لەتەمەنی ٨ ساڵیدا توانی نازناوی هەرێمایەتی منداڵان لە ئاستی تەمەنی (١٢) ساڵی بباتەوە کە ئەوکاتە نادال یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێ بوو سەرەڕای ئەوەی نادال دەستی چەپی لە یاریکردن بەکار دەهێنا و دەستی راستیشی بۆ چالاکییەکانی دیکە بەکار دەهێنا، تۆنی مامیشی بە بەردەوامی ئامۆژکاری نادالی دەکرد کە دەستی چەپی لە یاریکردن بەکار بهێنێ لەبەر ئەوەی دەتوانی بە توندی تۆپ بۆ پێشەوە لێبدات.**



## یەکەمین سەرکەوتنی فەرمی

لە ئایاری ٢٠٠١ لە یارییەکی نمایشکاری و لە یاریگای خۆڵاوی توانی لە پاڵەوانی گراند سلامی پێشوو بات کاش بباتەوە کە ئەوکات تەمەنی (١٦) ساڵ بوو.

## وەکو یاریزانێکی پیشەگەر

لە مانگی نیسانی ٢٠٠١ نادال کە لە پلەی (٧٦٢) مین بوو لە ڕیزبەندی گشتی توانی نازناوی پاڵەوانیەتی یەکگرتووی پیشەگەران بباتەوە کە لە دورگەی مایۆرکا بەڕیوەچوو، نادال دەبێتە نۆیەمین یاریزان لەو تەمەنە کە بتوانێ ئەم نازناوە بباتەوە، نادال تەمەنی ١٤ ساڵ و ١٠ مانگ بوو ساڵی (٢٠٠٢)ی تەواو کرد و هاتە پلەی (٥٠) مین و ساڵی ٢٠٠٣ کە تەمەنی بووە ١٦ ساڵ بەشداری لە پاڵەوانیەتی و یمبلۆن کرد و بووە دووەمین یاریزان دوای ئەڵمانی بۆس بیکەر بگاتە قۆناغی سێیەم لەم پاڵەوانیەتیە، دواتر ڕووبەڕووی یەکەمی جیهان فیدرێر بۆوە و توانی لێی بباتەوە، بەڵام نەیتوانی لە پاڵەوانیەتیەکە بەردەوام بێت بەهۆی شکانی قاچی.

## (نادال و ساڵێکی پڕشەنگدار)

نادال لە ساڵی (٢٠٠٥) کەوتە ململانێیەکی بەهێز لەگەڵ یاریزانە ناودارەکان لە پاڵەوانیەتی ئوسترالیای کراوە بەرامبەر یاریزانی بەریتانی لایتون هیویت دۆڕا و لەهەمان ساڵدا لە کۆتایی پاڵەوانیەتی مەیامی بەرامبەر فیدرێر دۆڕا، نادال وتی ئەم دوو دۆڕاندنە سوودیکی باشی بۆ من هەبوو، بۆیە توانیم هەر لەهەمان ساڵ (٢٤) یاری لەسەر یەکتر لە یاریگای خۆڵاوی ببەمەوە و توانیم ژمارەی پێدانی

## نادال لە نێوان تۆپی پێی و تێنسی سەر زەوی

نادال تەمەنی گەیشتە (١٢) ساڵ توانی نازناوی ئیسپانی و ئەورووپی وەربگرێ لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی ئەوکات نادال دوو چالاکی ئەنجام دەدات تێنسی سەر زەوی و تۆپی پێ، باوکی داوای لێکرد کە یەکیان هەڵبژێرێ تا کار لەسەر خۆیندنی نەکات و نادالیش تێنسی سەر زەوی هەڵبژارد و یاری تۆپی پێی جێهێشت کە لە تەمەنی چواردە ساڵی بوو، یەکێتی تێنسی سەر زەوی ئیسپانیا داوای لە نادال کرد کە بچێتە بەرشلۆنە و لەوێ مەشق بکات و سوودی باشتری دەبێت، بەڵام کەسوکاری نادال بەمە ڕازی نەبوون وتیان نادال لە شاری مایۆرکا دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی کار لە خوێندنی دەکات و تۆنی مامیشی حەزی دەکرد لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە باشترە، نادال هاوکارییەکی تەواو لەلایەن بەرپرسانی ئیسپانیا نەدەکرا، باوکی هاوکاری مادی دەکرد و پێداویستییەکانی بۆ دابین دەکرد.




ئەفسانەی بەناوبانگ ئەمریکی ئەندری ئەگاسی بشکێنم، نادال توانی پاڵەوانیەتی بەرشلۆنە و مۆنتیکارۆ و رۆما بباتەوە و پلەی گەیشتە (٥) مینی جیهانی، بەم شێوەیە نادال بووە سێیەمین یاریزان کە بتوانێ نازناوی گراند سلامی بباتەوە.



## خەونی نادال هاتەدی

نادال رۆژێك لە رۆژان بیری لەوە دەکردەوە کە لە یاریزانێکی ناودار بباتەوە، ئەوە بوو لە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٥ توانی لە پاڵەونیەتی کەنەدای کراوە لە یاری کۆتایی لە پاڵەوانی ئەمریکی ئەندری ئاگاسی بباتەوە، سەرکەوتنەکانی نادال لە پایزی هەمان ساڵ بەردەوام بوو. لە پاڵەوانیەتی چین لە یاری کۆتایی لە یاریزانی کۆریای بردەوە دواتر پاڵەوانیەتی ماستەرزی لە مەدرید بە دەستهێناو لە یاریزان ئیڤان لیوبیسیتشی بردەوە.

(سەرژمێری ساڵی ٢٠٠٥)

نادال و فیدرێر هەریەکە ١١ نازناو و ٤ نازناوی ماستەرزیان لەساڵی ٢٠٠٥ بردەوە، بەم شێوەیە نادال توانی ژمارەیەکی پێوانی تۆمار بکات، لە (٢٠٠٥) ٨ نازناوی لە یاریگای خۆڵاوی و چوار نازناویشی لە یاریگای چیمەن بردۆتەوە، بەم شێوەیە توانی لە (٧٩) یاری سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و هەروەها دەبێتە یەکەمین یاریزان کە لە (١١) یاری بە ئەنجامی (٦-٠) خاڵ بباتەوە.

## شێوازی یاریکردن

نادال زۆر کات لە دەرەوەی هێڵی دواوە یاری دەکات و بەشێوەیەکی توندوتیژی و هەروەها لێدانی (topspin) قورس بەکار دەهێنێ و جوڵەی بەپەلەی هەیە و هەر زوو بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەرگری تەواو دەکات و زۆر تۆپی دوور بەکار دەهێنێ و دەستی چەبی زۆر بەهێزە و دەستی دەگاتەوە شانەکانی،تایبەتمەندیەکی دیکەی ئەم یاریزانە کە لەوانی دیکە بەدی ناکرێ ئەویش خولانەوە بە دەوری خۆی، نادال زۆری خاڵ لە لێدانی سەرەتایی وەردەگری، چونکە زۆر بەهێزە.

## نادال و فیدرێر لە گراند سلام

ئەم دوو یاریزانە لە (٧) یاری کۆتایی گراندسلام رووبەڕووی یەکدی بوونەتەوە، نادال (٥) یاری بردۆتەوە و فیدرێریش (٢) یاری. نێوەندە وەرزشییەکان دەڵێن ئەم دوو یاریزانە بەهێزترین رکابەری یەکتر بووینە لە مێژووی تێنسی سەرزەوی و لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێستاش رکابەری لەگەڵ یەکتر دەکەن لەسەر پلەی یەکەم لەسەر ئاستی جیهان.